# کۆبونەوەکانی حیزب لەبەریتانیا

تەشیکلاتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەبەریتانیا لەمانگەکانی شوبات و مارسدا، لەچەندین شار بەئامادەبونی هاوریان و دۆستانی حیزب بەمەبەستی تاوتویکردنی ئاخرین ئالۆگۆرەکانی سەرساحەی عێراق و کوردستان و بریارو پەسەندکراوەکانی پلینۆمی 19ی حیزب و هەروەها لەسەر کێشەکانی پەنابەران و هەنگاوەکانی کەدەبێت بنرێت لەوڕاستایەدا کۆبونەوەکانی خۆیان سازدەدەن.

## شاری لەندەن:

رۆژی 2007/3/10 تەشکیلاتی لەندەن کۆبونەوەی دەوری خۆی بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەئەندامان و رابەری حیزب سازدرا، کەلەوێدا لیپرسراوای کۆمیتە پرشنگ ئەحمەد کورتەیەکی لەسەر کارەکانی دەورەی رابردوو خستەروو و بەدوایدا نوری بەشیر لەسەر هەلومەرجی چالاکی و هەلسورانەکانی حیزب لەبەریتانیا و کاریك کەئەبیت بکریت و ئەرکی هاوریان لەو ناوەدا قسەی کرد، بەدوایدا هەریەکە لەهاوریان بەشداری قسەوباسەکان کردو پرسیاریك کەهەیانبوو قسەباس و رونکردنەوەی لەلایەن خسرەو سایە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیەوە لەسەردرا.



## شاری مانچستەر:

رۆژی 2/11 تەشکیلاتی شاری مانچستەر بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە ئاندامان و دۆستانی کۆبونەوەی دەوری خۆی دەبەستێت، عوسمان فتاح لەسەر ئاخرین ئالوگۆرەکان و بلاوکراوەکانی حیزب و کیشەی پەنابەران قسەوباس دەکات و رونکردنەوە دەدات، لەسەر پرسیاریك کەئامادەبوان هەیانە رونکردنەوە دەدات، کەسێك لەدۆستەکان لەجلسەکەدا ئامادە دەبیت دەبیتە ئەندامی حیزب.

## شاری لیستەر:

⋆ رۆژی 2/24 تەشکیلاتی شاری لیستەر بەئامادەبونی زۆربەی ئەندامان و دۆستانێك و ئامادەبونی نوری بەشیر وە محمد داود ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیا، کۆبونەوەی دەوری خۆی سازدا، لەویدا نوری بەشیر، لەسەر پلینۆمی 19 و ئاخرین باس و هەنگاوەکانی حیزب و کۆنگرەی ئازادی عیراق و مەسەلەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان قسەو باسی کرد، لەدریژەی قسەکانیدا لەسەر کێشەی پەنابەران و دیفاع لەمافەکانی پەنابەران وەك حیزب بۆکیشەکانیان و هەروەها

لەپشتوەستانی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وەك تاكە ریكخراوی پەنابەران كەدیفاع لەكیشەكانی پەنابەران دەكات، وە لەوێدا پرسیاریكی زۆر لەسەر باسەكان ئاراستەی نوری بەشیر كراو ئەویش رونكردنەوی پیویستی لەسەردان، هەر لەوێدا دووان لەدۆستان كەئامادەی جلسەكەبوون، ئەندامەتی خۆیان بۆ حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق راگەیاند. بەدوایدا هیمن كەریم ئامادەیی خۆی دەربری بۆ بەریوەبردنی كارەكانی حیزب لەوشارەدا لەم دەورەیەدا لەجیاتی هەریەكە لەهاوریان ئارام حمەسەعید و خالد اسماعیل، هەروەها چەند هاوری لەشارەكانی دەروەی لیستەوە بەشداریان كرد لەوجلسەیەدا .



## شاری لەندەن:



⋆ رۆژی 2/10 بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەئەندامان و دۆستانی حیزب، لەشاری لەندەن كۆمیتەی بەریتانیا جلسەیەكی بۆ هاوریان ئەمجەد غفور و خسرەو سایە، لەئەندامانی مەكتەبی سیاسی حیزب سازدرا، لەسەر پلینۆمی 19 ی حیزب و هەلومەرجی عیراق و كوردستان و دەورو جیگای كۆنگرەی ئازادی عیراق بەتەفصیل قسەوباسیان كرد و هەروەها لەسەر دامەزراندنی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان رونكردنەوەی پیویستیان دا، وە دەخالەتیكی گەرمی ئامادەبوان باسەكانی گەورەتركردو لەئاخردا هەریەكە لەهاوریان وەلامی پرسیاری ئامادەبوانی جلسەیەكەیان دایەوە.

## كۆمیتەی بەریتانیای حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق


سایتی حیزب

www.wpiraq.net

بۆ پەیوەندی بەكۆمیتەی بەریتانیاوە:

| | |
|---|---|
| Mob: 0789 4252 708 Email: wcpiuk@yahoo.co.uk | پرشنگ ئەحمەد : |
| Mob: 0796 0669 896 Email: n.bashir3@ukonline.co.uk | نوری بەشیر |